سەبارەت بە چیرۆک.. رۆژگار خالید

" لەنێو گۆڕاوی ژیاندا "
لەلایەن کاک " گۆران سەمەد " نووسراوە .

پێش هەر شتێک دەمەوێت ئەوە بڵێم، مەڕووی نووسینی چیرۆک بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە .
مرۆڤ هەوێیداوە هەموو ئەو شتانەی دەیانبینی و گوێی لێدەبێت و بیری لێدەکاتەوە یانیش ڕووبەڕووبوونەوەیان دەبێتەوە وەک ترس یا بوێری ، سەرکەوتن یا شکست یا پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەری هەیەتی ، یاداشت بکا و بینووسێتەوە .

سەردەمانێک /
هەموو شتێک بەشێوەی دەقی شیعر و یاداشتدەکرا و گەلانوەکان مۆکەکی شیعری بەسەرەوە بوو ، چونکە ئەو شێوازە لەنووسین ئاسانبووە و ئاسانیش ئەزبەر دەکرا و لەبیریش نەئەکرا .
بۆیە :
گەلانوەکان بەشێوەی ستوونی نووسراوە و یاداشتکراوە و کاریگەری زمان و لەقالبدانی بۆگەکردن ئاسانبووە .

لە داستانی کارگامێش یانیش گلگامێش چیرۆکی :
گوێی نەمری کۆنترین دەقی چیرۆکە بەمان ماوەتەوە ، کاتێک مرۆڤ هەوێی داوە نەمرێت و لەم سەردەمەدا دەنگێیک هەبوو گوێک هەبووە هەر کەسێک بیخوات نامرێت ، کەسێک هەوێکی زەریداوە و ئەم گوێی دەزیتەوە لەکاتی گەلانوەی بە شوێنی خەی خۆی لەدەکەوێت کاتێک چاوی دەکاتەوە گوێکە لەدەمی مارێکە ، دوای ئەم ڕووداوە مرۆڤ بئومێد بووە دەبە بمرێت و تاوەکو ئێستا مرۆڤکان چیرۆکەکان دەگەنەوە و ئاواتیانە نەمرن !
دوای پشکۆتنی ڕۆژئاوای ئەوروپا و هاتنی سەدەکانی ڕۆشنگەری .
وایکرد دەقی نووسین گەلانکاری بەسەردا بێت و چیرۆکنووسینیش لەڕووی فۆرم و ستایلی نووسین و تەکنیک و خەرایی ڕووداوەکان گەلاوە دەستپێک و کۆتایی نییە .
لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم و بیستەم سە سەدەبوون چیرۆکنووسین گەلانکاری گەورەی بەسەرهات و بوو بەئەمری واقیع .
فۆرمی نووسین گەیشتیە لووتکە و گەلانکاری جددی بەسەرهات .

ئەو گەیشتنە لووتکەیە وادەکا
بپرسین
بۆچی تاوەکو ئێستا مرۆڤ پێنا دەبات بۆ نووسینی چیرۆک ؟
لە گۆڕاوی ژیاندا چیرۆک دەرفەتی ئەم هەموو رووداوە دێت ؟
هەربۆجددی چیرۆک دەتوانێ پەرجوو " موعجیزە " دروستبکا ؟
لەواقیعی ژیاندا :
چیرۆکەکان دەکەونە کوێی ئەم دەخڵی ئێستامان و بۆچی مرۆڤکان
دەستبەرداری نووسینی چیرۆک نابن ؟
دەتوانم بڵێم وەڵامێک نییە بەڵکو دەخڵک هەیە وەک پیرەزی و نەفرەت
و خۆشەویستی و ڕق و ڕاستی و درۆ و بەهەزی و بەهەزی و خۆشەویستی و
ژیان و مردن و ترس و بوێری بەشی هەموان دەکا .
ئەم بەشکردنە وایکرد مرۆڤکان تاوەکو ئێستا بە حەسرەتەوە بژین و
دەستبەرداری چیرۆک و ژیان نابین .

دەتوانم بڵێم /
" کاک گۆران سەمەد " لەڕووی ستایلی چیرۆک نووسین بۆفەرمێکی نوێ و
ورد دەنووسێت و فەرمان دەکا گومان بکەین .
گومان لەبارەی:
_ دوادەری کۆتایی وشکان شکمان دەکات و ڕاستیکان دەردەکەون .
_ پێشیمانبوونەوەیەک هەیە دادی مرۆڤکان نادات .
_ بەهەڵە تێگەیشتووین بژین .
_ مرۆڤکان لەشەوی سپی ناچارن درێژی ڕێش بە یەکدی بکەن .
_ ناچارانە دەژین کەچی ڕقمان لە مردنە .
_ ڕووشتی مرۆڤکان شکست بۆجیهانی ئێستامان دەهێنێت .
_ خۆبەدەستەوەدان هەیە و لەبوردنیش وەکو هەر شتێکی دیکە هەیە و
گرنگی ئەتەی نییە .
_ لەبەرامبەر ڕق پاڕاوانن و لەبەرامبەر خۆشەویستی لەرزەکن .
بەیە بەڵای منەوە چەندە گرنگە کەد و ڕەمز و ووشەی نهێنییەکان
بدەزرێتەوە .
جار هەیە ساتێک یا شکستێک یا کۆتنێک هەیە تووشی بارێکی دەرووونی
قورسمان دەکاتەوە .
دەتوانم بڵێم /
وەک گۆڕاوی فکری و کەڵەپایەتی و دەرووونی و پەیوەندییە
کەڵەپایەتییەکان دەبینرێت .
لەجیاتی ئەوەی :
شتەکان بەئاراستەی باشبوون ببات بەپێچەوانەوە دەخڵکان خراپتر
دەکات ، وادەکات لەیەککاتدا هەم پاڕاوانین و هەم دەڕاوبین .

لە چیرۆکی یەکەمدا
پاڵەوانی چیرۆکەکە بە 2 خولەک و پێنجا و سێ چرکە حسایەوە ، لەکاتێکدا تەمەنکی بەفیڕۆ ڕیشتووە .
لە چیرۆکی دووەمدا
کاتێک دەتوانێت بمری و هەموو کارەستێکی مردنیشی هەیە کچی ژیان دەڕێ بوستە گەنیووبوونی زۆرتر مایە ببینی .
لە چیرۆکی سێیەمدا
ئاخۆز ساتێک هەیە مرۆڤ هەشیار دەکاتەوە و وادەکا ئەستای ژیانی قبووڵ بکات و حەسرەتێکی قووڵیشی هەیە ئەم ساتە پیاوەکان شێت دەکا و ژنانیش فشیان پێدێت و گاتەیان پێدێت .
لە چیرۆکی چوارەمدا
وێنەیەک هەیە هەموو کەسێک حەسرەتی بینینی بۆ هەیە دەکرێت ئەم وێنەیە بگیرێت و دواساتەکانی ژیانمان بێت کچی ئیهمالی دەکەین و نامانووێت لەگڵی بژین .
لە چیرۆکی شەشەمدا
ساردییەک لە ژیانی کچۆکان هەیە ڕۆژێک دێت تێدەگەن تەنهایی ناتوانێت قەڕبووی هەموو شتێک بکاتەوە هەستێک دێتە پێش وادەکات بترسن مرۆڤی بەروح چەندە ترسناکە ، تێربوون بە بە خواردن و ژیان بە بە هەست و نەبوونی خەونی ئەنگا و ئەنگ چەندە بترسە .
لەکاتایی دەمووت بڵەم
لە پەنای ئەو ژیانەدا لەخێت پرسیووە ئووداوێک یاخود کارساتێک یاخود ناخۆشییەک یاخود ترسێک یاخود هەرشتێک بەخەرایی تیشکی خۆر بەنەو ژیان یانیش روحت تێپەڕنەبووبێت نەتزانیبی .

خۆشەویستی ساماکردنێ لەسەر ئاگر.. چیرۆکێ هەوا: ستیڤان شەمزینی

هەمیشە هەروا بووە, کەتایی عیشق تاریکی و تەکشکانکی گەورە بووە, عیشق هەرگیز کەتایی نییە، واتە کەتاییەکی پە شادیی و کەیف و خۆشی. بە پێچەوانەی ریتمی سینەماوە عیشق ماراسانە بەرەو مردنی

ئەبەدیی, عیشق نغرەبوونە لە دەریای وەهم و خەیاڵ و داغە بەدینەهاتووەکان. عیشق چیتر نییە جگە لە ئازار، بەڵام بەدەستی جەلادێکی بەڕەحم کە هیچ بەزەییەک لە دڵیدا نییە, ئەگەر بتەوێت عاشق بیت پێش هەرشتێک پێویستە شت بیت، چونکە ئەقڵی ئاسایی توانای بەرگەگرتن و بینینی ئەو هەموو کەسپ و کەندوکانانەی نییە, هەرگیز توانای ئەوەی نییە, دەبێت خەت خاڵی بکەیتەوە لە هەش, دەبێ لە سەوداسەریدا بژیت, دەبێت بەو بیارە بڕۆ رووی بچیت کە دەتەوێ بڕەنگاری لەشکرێ یان سوپایەک سەرباز ببیتەوە, ئەگەر ئەم بیارەت نەدابێ هەروا ئاسان نییە لافی عاشقبوون لێ بدەیت. خۆشویستی لە ژیاندا قورسترین بارە, ئاخر خۆشویستی لەوانەوە لە مازەخیەت, لەوانەوە لە بەهەشی, لەوانەوە لە سووتان لە مەعشووقدا, ونبوونە لە خۆشویستراودا, گەیشتن بە دوای خەتدا لە ئەشکەوتە تاریکەکانی دڵی یاردا, گەیشتن بە دوای نەمریدا. بە ئەوەی عاشق بیت پێویستە هەندێک لە شتی, هەندێک لە یاخیبوونت تێدا بێت، ئەگەرنا هیچ ساتێک ناتوانی بەو پلەیە بگەیت, ئەم ڕەهایە و ڕەژەی نەگەیشتە بە هەتاهەتایە.

لە جەژنی کریسمسدا

لاوە گەنجێکی خەشوو, دەپاک, هەست بەرز, هەژار و کەمدەرامەت, لە بنەماڵەیەکی ئاینی ئیسلامی گۆڕە بووە, بەڕەام لاوە هەمیشە بە چاوێکی یەکسانەوە لە دین و باوەڕکان دەڕوانێ و تا ڕادەیەکیش مەیلی چەپایەتی لە کەللەی داوە. بەڕەام سەرسامبوونی بە مەسیحییەت و عیسا شتێکە بە هیچ شێوەیەک نایشارێتەوە, ئەم وای لە کردووە لە بانە و یاددە ئاینییەکاندا سەردانی کەنیسە بکات، بە ئەوەی هیچ لە ڕەوەسمەکان بزانێت. لاوە بیانییەکی زوو لە پێش زەربەی دیانکانەوە هاتە کەنیسە, بەڕەام وەک ئەوەی فریشتە بیخاتە دڵییەوە چاوی گەڵا تا لەسەر بژن و باڵای (لیندا) ئیستی گرت, ئەو کەشە ئاینییەکەی لە خەی و کچە گەیی بە کەشکی عاشقانە, هەدی هەدیش خەی نزیکی خستەوە تا چووە بەردەمی و بە کوردیی سەاوی لێکرد و ئەویش بە سریانی وەڵامی دایەوە!. لاوە هیچ نیگەران نەبوو, بەڕەام دوای تەواوبوونی کەشە ئاینییەکە و بەاوکردنی دیانکان, لاوە کەوتە شۆن لیندا تا توانی مانیان بدزێتەوە و دواتر بەهەی دزینەوەی ماڵکیانەوە قوتابخانەکەشی دزییەوە و بەم هەیشەوە توانی هەموو نهێنییەکانی ئەو کچە بدزێتەوە و ئاشکرای بکات. لیندا بەئاگایە لەوەی کوڵکی موسەمان قومارکی ئەجگار گەورە دکات لەسەری, بەو جۆرە کەوتە دوای عەشقکی تەواو فاشیلەوە.

بەڕێ خۆشەویستی

یەکەم جار لاوە توانی لە ڕەگەی قوتابخانە لیندا بگرێت و بە ڕوونی پێی بڵێ خۆشمدەوێی!, بەڵام ئەمە لای ئەم کچە بەیارمەتی تەواو بە عەقڵانە بوو, هەرچەندە جگەی هەوەستەکردن بوو بەلایەوە, دەیزانی هاتنی ئەم گەنجە بە ناو ژیانی شتەکی ئاسایی نییە و چارەنووسکان شتی لەو جۆرە زۆر پێکەوە دەبەستنەوە, بەجگە لەم جارە لاوە زیاتر لە بیست جاری تر بە هەمان شێوە، هەروەک ئەوەی بە یەکەم جار بە ڕەگەی لە کچە گرت و داوای خۆشەویستی لە کرد. تا لیندا گەیشتە ئەو باوەڕەی لە قووڵایی دڵی ئەو کەسدا رستەیەک هەیە ئەویش ئەمەیە: لیندا من تەم خۆشدەوێت.

منیش تەم خۆشدەوێ

سەرئەنجام دوای ئەوەی لیندا بڕی دەرکەوت هەروا ئاسان نییە، بە وەڵام بەمنتەوە لە بەرامبەر کەفوکوڵی ئەم کەسە گەنجەدا, تووشی دەڵەراوکێ و شڵەژانێکی دەروونی بووەوە, نەیدەزانی بەشێوە ژیانە ئاساییەکەی خۆی ملی ڕەگە بگرێت یان یاخی بێت و لە پەناوی عەشقدا سەرچۆی بکات. ئەو خۆشەویستیی لاوە لە دڵیدا چڕی کردبوو، بەڵام دەیزانی ڕەگەی بە یەکگەیشتن هەروا ساناییە و لەو جیاوازییە کولتووریەی نێوانیان تەواوە حاڵی ببوو, ڕۆژان ڕەیشت و هات، لاوە زیاتر سوور بوو لەسەر خۆشەویستی لیندا، هیچ باکی نەبوو لە هەر تەگەرە و گرفتێک کە دەهاتە پێشی, تا دواجار لە ئەوارێیکی ساماڵی بەهاردا لە کاتێکدا زەردەپەڕە بەرەو تاریکیی ملی ڕێی گرتبووە بەر. جەوی شل کرد بە ئەو هەستەی دەمێک بوو لە دڵی لینداشدا چەکەرێی کردبوو، بۆیە بە لاوەی وت: منیش تەم خۆشدەوێت.

ویستی قەدەر

لە کتێبە پیرۆزەکاندا باسی ئەوە کراوە هەموو مرۆڤێک قەدەری خۆی هەیە و ژیانی لە چوارچێوەی ئەو قەدەرەدا دەخولێتەوە. لیندا و لاوە قەدەریان جیاوازە بەڵام دەیانەوێت بیکەنە یەک, خە شکردنیش, لەگەڵ ئەو قەدەرەدا کارێکی دەنکیشەتانییە, هیچ ئەنجامێکی نابە جگە لە سەرکەشییەکی دەڵاو. ئەو دوو گەنجە گەیشتنیان بۆیەک ئاسایترین کردە بوو، بەڵام ئەو بەربەستە بە مانایەی بە ناوی جیاوازیی دینەوە قووت کرابووەوە ژیانی ئەو دوو عاشقەی بە دەزخ سپارد. هەشتا لە وەاتی قەدەر ڕەشکانی ئەمەدا شتێکی لەو جۆرە ڕووی نەداوە, بەڵام لاوە دەیگووت خە من لە شێخی سەنعان موسەمانتر

و زاهیدتر نیم ئامادەم لەپەناوی عەشقدا تەنانەت ببمە زەندیک. بەڵام ئەمانە هەموو گوزارەی ناو ئەندێشەیەکی پڕ لە عیشق بوون، ئاگەرنا لەسەر زەمینی واقیعدا کارەکی ئاستەم و بڕ بوو. هەموو قەدەرەکان دژی بڕیارگیشتنی ئەم دوو لاوە بوون, هەموو هەوڵەکانیان بۆ سەرنجام بوو, دواتریش ویستی قەدەر بەسەر ویستی عەشقدا زاڵ بوو.

دابڕان

هەروەک وتمان لیندا و لاوە سەر بە دوو نەتەوە و دینی جودا بوون، ئەمەش بووە خاڵی هەرەسهێنانی عەشقەکەیان, بنەماڵەی هیچکامیان ئامادە نەبوون کارەکی لەو جۆرە پەسەند بکەن، تەنانەت لیندا هەر نەیدەوێرا لە ماڵەوە باسی خۆشەویستی کوڕەکی موسڵمان بکات، چونکە دەیزانی تووشی گەورەترین کەسپ و ناڕەحەتی و ئازار دەبێتەوە. لاوە دەیزانی نەک هەر ئەوەی ببێتە دیان بڕکو ئاگەر ببێتە قەدیس هیچ شتەکی بۆ ناکرێ، بۆیە ناچاربوو بە وەهمیی و لای خۆیەوە درێژە بە عیشقەکەی بدات. ئیدی کولتووری جیاواز کارەکی کرد سەرئەنجام عەشقەکەیانی کاڵ کردەوە, لیندا گەڕایەوە بۆ دەخی ئاسایی, بەڵام لاوە بووە گەنجگەی تووڕەی هەڵشۆ و نائارام و تا رادەیەکیش بڕبڕا کە خووی بە خواردنەوەی ئەلکهولەوە گرتبوو، بە بردەوامی درەنگانەکی شەو دەگەڕایەوە ماڵەوە و هەندە جاریش کەوانی گەڕەکەکەی دەیانگووت موخەدەرات دەخوات و ئاگای لە دنیا نەماوە.

بڕەو سنووورەکانی شکێنبوون

لاوە چونکە کەسێتی خۆی لە مەعشوقەکەیدا ون کردبوو نەیدەتوانی و ئاسان نەبوو بۆی، بتوانێت جارەکی تر خۆی بدۆزێتەوە, دایکە پڕچ سپیەکەی هەمیشە لەسەر بڕمانە نزا و داوای هیدایەت و ئاسایبوونەوەی بۆ لاوە دەکرد, بەڵام نەک هەر هیچ سوودی نەبوو, بەڵکو بارودۆخی لاوە ڕۆژ بە ڕۆژ بڕەو خراپی دەگەیشت، لەگەڵ زیادبوونی تووڕەییەکانیشی، زیاتر مودمین دەبوو لەسەر خواردنەوە و حەب و شروب و هەندە جۆری موخەدەرات. وردە وردە هاوڕێکانی جێیان دەهێشت و هەریەک بەلایەکدا, تەنیا ئەوە نەبێ چەند هاوڕێیەکی مابوو ئەوانیش بە مەستیی ناسیبوونی، باوەڕ ناکەم لە دەخی ئاساییدا بیناسینایەتەوە, بەم جۆر و شێوازە بردەوام بوو هەتا ئەو کاتەی بەشەویەک لێ و لاواز ببوو, جلەکانی دەابوون, بە لای هەر کەسدا دەگەیشت وەک شێت دەهاتە بڕچاویان, زۆرکیش لە هاوڕێ کۆنەکانی بە دەم قاقای پێکەنینەوە دەیانگووت دنیا ئەوە ناهەنێ وەک ئەو

برادەر خەتی بە شەت بکەیت, لەولاشەوە کچی دیان شوی کرد، بە ئەوەی لاوە ئاگای لەمە بەت، چونکە بە راددەیەک لە دەوروبەر بە ئاگا ببوو کە نەیدەتوانی تەنانەت لیندانش بناسەتەوە.

سەفەری نادیار

ئەو بەیانییە کەمەک لە بەیانییەکانی تر ئاساییتر بوو, لە بەردەم گازینەکەدا لەگەڵ (شوانە) قسەی دەکرد و دەیووت منیش دەم, وەڵا دەم ئەگەڕم بشکوژرەم. ئیتر ئاشکرا بوو لاوە دەیەوە سەفەر بکات, بەڵام تەنیا خەی و شوانە دەزانن. کەسیش نازانە لاوە پارەی ئەم سەفەڕەی چۆن پەیدا کرد, بەڵام هەرچۆنەک بوو دوای سێ ڕۆژ لاوە بە ئەوت بە سەفەری دەرەوەی وڵات, هیچ کەس نەیدەزانی جگە لە (مام باپیر)ی چایچی چونکە لای ئەو باسی کردبوو, لاوە سەفەرەکەی سەرکەوتوو بوو, تا مانگی یەکەم هەواڵی هەبوو, بەڵام لەو کاتەوەی لاوە گەیشتە وڵاتی یەنان و زەنگەکی بە (ئیدریس)ی برای لەدا، دوای ئەوە ئیتر دەنگی نەما. ئەوە شەش ساڵە کەس نازانە لە کوێیە؟ کەس نازانەت ئایا لە ژیاندایە یان لە بەرزەخ؟!, سەراخەک نییە بەی, هەروەک ئەوەی فەی بەت. ئەستا هەندە کەس دڵنیان خەی بەدەنگ کردووە و لە ئەکرانیا دەژی. برادەرەکی تر دڵنیە: عەقڵەم هەبەت لەناو قەرەجەکانی ئیتالیایە، یەکەکی دڵنیە لەوانەیە مرد بەت، هەشە دڵنیە خەریکی کاری نایاسایی بووە و گیراوە, بەڵام ئەوەی ئەمە دەیزانین هیچییان نییە، چونکە لاوە ویستی خەی ڕەش کاتەوە لە لیستی کولتووری دواکەوتوودا, ویستی لە دەزەخی ئەم وڵاتە خەی بشارەتەوە جا گرنگ نییە لە ژیاندا بە یان لە مردندا.

-_____

سەرنج: ئەم چیرەکە بنەمایەکی ڕاستەقینەی هەیە و بە کەمەک دەستکاریی و گۆڕینی ناوی کارەکتەرەکانەوە لە کۆتایی دیسامبەری ساڵی ٢٠٠٠دا نووسراوە. بەڵام پێنج ساڵ دواتر بەاوم کردووە.

تێبینی: ئەم چیرەکە هەواڵە لە ژمارە "٢٠"ی ڕۆژنامەی "نەوەند" لە ساڵی ٢٠٠٥ بەاوکراوەتەوە و پاشتر لە بەرگی سێیەمی کتێبی (قوتووی عەتار) لاپەڕە ٤٧٥-٤٧٩ بەشەوەی کتێبی کاغەز چاپ و بەاوبووەتەوە.

سێ شیعر لە (مناهل ئەلسەهوی) یەوە(*).. و: نەژاد عزیز سورمێ

(1)
ژنانی ئەورووپا

خەمبار
بەسەر پێخەف نەرمەکەدا ،
پاڵ دەکەوم ..
ڕووم بەلای دیواردا وەردەگەڕم
زەردەمسکە دەبمەوە ..
بە پەنجەم
ناوت لەسەر دیواردا دەکێشم
لەگەڵ دەنگی تەقینەوەی دوورەوە
چاو دەنووقێنم
ئێستا دەتوانم بنووم ،
بە ئەوەی خەون بە هیچەوە ببینم
بە ئەوەی چاوەڕێی هیچ بکەم ..
دەزانم زەرن ئەوانەی
وەکو تۆ
کۆچیان بە ئەورووپایەکرد
کۆچیان بەمەرگ و زیللەت کرد
بەناو پاش چەندان ساڵ
کە منداڵەکانیان
هەی هاتنیان لێ دەپرسن
دەڵێن :
چونکە جەستەی ژنانی ئەورووپا
لە ژنانی ئێمە گەرمترە ..
ژنانی ئێمە ،
کە لەوە
لە بەتەنیدا مردن .

(2)
لە ملدا

هەمیشە زانیومانە
شتێك لە ملدا هەیە
لەی دەترسین ،
نابە لە پەتی لوولدراو
نزیك بینەوە ..
چەقۆیەك
یا دوو مشتی بە بەزەیی
کەواتە ئەمە مەرگ دەناسین !
ئەو مەرگەی تۆك لە ملدایە
لە جێیەك
لە هەموو جێیان پتر لە دەدا
لە هەموو جێیان گەرمترە
لەوەدا ماچــیش هەیە .

(3)

هەناسەبەکە

ئەمە
بە کیسەی زەرانبازیم هاتیە بەرچاو
بە مشتان وەرتگــرامە ،
ئەوەی لە کاتی خەیدا نەمدایتە ..
کیسەکە دەهات و دەچوو ،
دوور دەکەوتەوە ..
پاشان بە هەزەکی زەرتروە
دەگــڕایەوە ،
مشتی دیکەی لەبوەشەنم
جارەکی دی وەك دەندیەکی برسی
دەهاتەوە ..
وا مامەوە ،
تا هەستم کرد شکەت بووم ..
بە دەستەکانم گرتم
بە جومگەی پەنجە قەیشاوەکانم
سەرم پە کرد
پە بوون لە خوەن و
بە ووونی
گومم لە هەناسەبەکەی خەم بوو
وەنەی ئاژەکی تەقیو
خەراتر دەبوو .

(*) خانمەشاعیرێگی گەنجی سوریە ، یەکێکە لەو شاعیرە ژنانەی خوێنەرگران ئایندەیەکی لە شیعری نوێی عەرەبی تیا دەبینن .

▪ لە سایتی گەڤاری (کیکا)وە کراون بە کوردی . بڕوانە : http://www.kikahmagazine.com/?p=5486

کتێب: ریشاڵی تیرێیی ڕەمانی کوردی.. نوسینی سەڵاح جەلال

ناوی کتێب: ریشاڵی تیرێیی ڕەمانی کوردی
بابەت : تۆژینەوە
نوسین : سەڵاح جەلال
دیزاین: هونەری: سەرکەوت پینجوێنی
دیزاین بەرگ : محمد علی قەرەداغی
ساڵی چاپ : 2023سلێمانی
چاپخانەی جارانی سلێمانی
نرخ : 2000 دینار
چاپ : چاپی یەکەم
لە بەردەوامبوونی گشتی کتێبخانە گشتیەکان زمارەی سپاردنی(1422)ی 8/3 ی ساڵی 2023ی پێدراوە ..

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن..

SalahJalal_romanDownload

کۆتایی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی

ویلایەتی فەقێ نزیک بێتوێ!..
عەبدولڕەحمان گۆرکی

چاوخشانێک بەسەر ڕێی سوپای پاسدارانی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقێ لە شەڕی ڕژەڵاتی ناوەڕاستدا!

بە پشتبەستن بە ڕاگەیاندنکانی سوپای پاسدارانی ویلایەتی فەقیهی ئێران، سوپای پاسداران لە شەوی ٢٥ی مەهەندانی ١٤٠٢ (2024) بە ٢٤ مووشەک هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستانی عێراق و ناو خاکی سوریا. پێش هەموو شتێک ئێم دەستدرێژیکردنە ئاماژەیە بە ئاوەی کە دەستپێشخەر و دەستپێکەری شەڕی ڕژەڵاتی ناوەڕاست ژمێی ویلایەتی فەقێ بووە. چونکە ئێم مووشەکانە ڕاستەوخۆ لە ناوخەی ئێرانەوە هاوێژراون و سوپای پاسداران بە فەرمی بەرپرسیارێتیی لە ئەستۆ گرتووە و وەزارەتی دەرەوەی ئێرانیش چەندین جار پشگیریکردنی خەی لێم تاوانە ڕاگەیاندووە!
ئەستا پرسیار ئەوەیە، بۆچی ڕژێمی ئێران بەیارێکی ئاوا مەترسیداری دەرکردووە؟ لە کاتێکدا خامنەیی و ئەرگانی سوپای پاسدارانیش زەر باش دەزانن، درەنگ یان زوو، کەمەگەی نەودەوڵەتی درک بەو ڕاستییە دەکات کە "سەری ڕەشماری شەخوازی لە ڕژەڵاتی ناوەڕاست" لە "تاران"ە و ئەوانیش بە ناچاری "هەنگاوی بەرامبەر" دەگرنەبەر!
سەری ڕەشماری ویلایەت لە تارانە!
ئێم فەرمولەیەکی وردە بە دەزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی زۆرێک لە کێشەکانی ڕژەڵاتی ناوەڕاست، کە خاوەن و ئاماەگرەکەی، هەر ئەو تاکە لایەنە مەترسیدار و بەرانبەرە سەرکیەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئایینی لە ئێرانە. واتا "ئەنجوومەنی نیشتمانی موقاومەتی ئێران"!
ئێم فەرمولەیە باس لە ستراتیژیەکی ڕەسەن و بە پرەنسیپ و جەماوەری دەکات کە خاوەنکەی، هەمیشە و لە چەند دەیەی ڕابردوو و بە تایبەتی لە چەند مانگی ڕابردووەدا، سەرنجی کەمەگەی جیهانیی بە ئێم ڕاستییە ڕاکێشاوە و بانگەشەی بە داوە! چونکە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئێران، هەگر و خاوەنی کارنامە و پێشینەیەکی پڕ لە پشێلکردنی بەها و یاسا مرۆییەکانە لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران!
تا ئەستا هیچ حکومەتێک بانگەشەی ڕووخاندنی دیکتاتۆری لە ئێران نەکردووە و هیچ تاک و لایەنێکی خەباتکار و جەماوەری لە ئێرانیش چاوی لەسەر شتێکی لەمجۆرە نەبووە و نییە. ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت لە ئێران، کاری گەل و موقاومەتی ئێرانە. بەڵام سیاسەتی (سازان

لەگەڵ دیکتاتۆریەت لە ئێران)، هەمیشە "بەربەستکی گرنگ" بووە لەسەر ڕێگای بەرخۆدانی گەل و لە ئەنجامدا فاکتەری مانەوەی دیکتاتۆریەت بووە لە ئێراندا. بە واتایەکیتر، ئەگەر سیاسەتی (سازان لەگەڵ دیکتاتۆریەت) نەبوایە، ئێستا دەسەڵاتی ئایینی بوونی نەدەبوو و بارودۆخی ئێران و ناوچەکەش جیاواز دەبوو!
زەمەن گەڕاوە!
بە ڕاپەڕینی جەماوەری و سەرتاسەری لە ئێران لە ساڵی ١٤٠١ (2022)و بە تایبەتی شۆڕشخوازیی ئەمدواییەی حکومەتی ئایینیی ئێران لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەل بەرانبەر دیکتاتۆریەت ڕێژەیەکی ناوەڕاست، "خاڵی وەرچەرخان"ی تێپەڕاند! و چەند هەکارێکیشی ئەمانەن:
• هەموو گەلانی جیهان بینییان و بیستیان کە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئایینی لە ئێران، دەسەڵاتێکی ناشەرعییە و خەڵکی ئێران نایانەوێت. ئەنجامەکەشی ئەوەیە کە ئەم حکومەتە، نوێنەرایەتی خەڵکی ئێران لە کەمترینگەی نەودەوەتیدا ناکات!
• لە ماوەی 45 ساڵی ڕابردوودا، خەڵکی ئێران باجی زۆر قورسیان داوە بۆ ئازادی و دیموکراسی، نەک هەر بۆ ئێران، بەڵکو لە مژووی گەلانی جیهاندا و لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و مافی مرۆڤدا!
• سیاسەتی (سازان لەگەڵ دیکتاتۆریەت) هەمیشە لە خزمەتی مانەوەی دیکتاتۆریەتدا بووە و یەکەم قوربانی ئەم سیاسەتە ترسناکەیش، خەڵکی ئێران بووە!
کەواتە، دڵزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە ئەوەندە قورس نییە! چونکە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئایینی لە چوارچێوەی سنووركانی ئێراندا زۆر لاواز و ناسک کراوە و بەرەو داماڵان و ڕووخاندن دەچێت. ئەم دەسەڵاتە، لە پرسەی داماندا، پێناچێ هەموو تاوانێک دەبات، ئەمەش یەکێکە لە نیشانەکانی بەرەوکۆتایی چوونی ئەم دەسەڵاتە!
ئەگەرچی لە کۆتایی و کێبووننەوەکانی جیهاندا و لە ناو خەڵکیش و موقاومەتی ئێراندا گومانی تێدا نەبووە کە دەستپێکەری شۆڕشی لە ڕێژەیەکی ناوەڕاست، دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی بووە، بەڵام مووشەکبارانکردنەکانی ئەمدواییەی هێرشی کوردستانی عێراق و سوریا و پاکستان، لە لایەن سوپای پاسدارانەوە هیچ گومانێکی نەهێشتووە کە "سەری ڕێشماری ویلایەتی فەقیهی شۆڕشگێڕ لە تاران"ە.
ئیدیعای گەیتەجانەی دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقیهی دەربارەی شۆڕشخوازی و مووشەکبارانکردنەکەی ئەمدواییەی، سەبارەت بە (پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵات)، وەبیرهێنانەوەی ئیدیعا و ناونانی شۆڕشی هەشت ساڵەی ئەم ژێمەیە بەرانبەر بە عێراق لە ژێر ناوی (دیفاعی موقەدەس) واتە "بەرگریکردنی پیرۆز". شۆڕشێک کە (خومەینی) بونیاتنەر و دەستپێکەر و هەکاری سەرکی بوو تیایدا و

سازشکارانی ڕژئاوایی "یارمەتیدەرە نەبینراوەکانی" بوون، واتا (ئیمدادگەرانی غەیبی). بەم هەر لە سەرەتاوە بە خەڵک و بەرخودانیان رووون و ئاشکرا بوو کە، شەهیدانی و شەفرەشیکانی رژیمی ئێران، پشتیوانی بوو بە سەرکوتکردنی ئازادیخوازان لە ناوخۆی ئێران و لەباربردنی دیموکراسی لە ناو کۆمەڵگای ئێراندا!

لە کارنامەی ڕژیمی ویلایەتی فەقیهیدا "شەفرەشتن" و "هەناردەکردنی تیرۆریزم" ناو نراوە (بەرگریکردنی پیرۆز) و (پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی)، "سەرکوتکردن و ئێشکەنجەدان و لەسێدارەدان و کوشتنی نەیاران" ناو نراوە (سزای ئیسلامی) و هەر نەیاربوونێک بەرانبەر بە دیکتاتۆریەتی ویلایەتی فەقیهیش بە (دژایەتیکردنی ئیسلام) ناوزەد کراوە! هەر لەبەر ئەم هەکارەیە کە زیاتر لە چل ساڵە خەڵک و موقاومەتی ئێران، لە هەوڵی ڕووخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ئایینیدان لە ئێران و پاشکشیان نەکردووە لەم داواکاریە ڕەوایە و تێچووی زۆریان بە داوە. گەل و موقاومەتکەیان پێیان وایە ئەم دەسەڵاتە، دوژمنی ئێران و دوژمنی ئیسلام و دوژمنی خەڵکی ئێران و ناوچەکەیە. هەر لە بەر ئەمشە دەسەڵاتی ئێران لە ڕاپەڕینی گەل و بەردەوامبوونی ڕاپەڕین بە تەواوی تەقاوە!

مەژووی هەموو نەتەوەیەک، بەگەیە لەسەر ئەوەی کە، گەل ئەوەی دەیەوێت بەدەستی دەهێنێت. بە تایبەت کە ئێستا خەڵکی ئێران خاوەن تەکنیکی بەرفراوانی ناوەندەکانی شەڕش (کانونەکانی شەڕش)ە لە سەرتاسەری ئێران. ئەم ناوەندانە سەرنجیان لەسەر پانکردنەوەی سەری ماری ویلایەتی فەقیهی و کەتاییهێنانە بە کارنامەی لەوانلەو لە تاڵان و کوشتن و شەڕخوازایەکانی ویلایەتی فەقیهی و، بە تایبەتی نەهێشتنی ئەرگانی سەرکوتکردن و کوشتاری گەل، واتە سوپای پاسداران. هەروەک چۆن (دیکتاتۆریەتی شا)یان بە هەمیشە ڕووخاند، دەسیەی ئەم دەسەڵاتەیش دابخۆن. ئەوان موژدەهێنەری ئارامی و ئاسایش و پێکەوەژیانی هەمنانن لە ئێران و ناوچەکەدا!

عەبدولڕەحمان گەورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

بۆیەک گۆیشتنی حیزب و شۆش.. حەمیـــــد تەقـــــوایی.. وەرگێـــانی: کاوە عومەر

یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی شۆشی ژن ژیان ئازادی خستنەبەرچاوی شۆشە وەک تاکە ڕێگا بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگا لە ئاستەکی کۆمەڵایەتی فراوان و جەماوەریدا. هەر لە سەرەتاوە گەنجان و خەڵکی ئاپۆیوو ئایانگەیاند، "پێی مەڵێن ناڕزایەتی ،ناوی بووەتە شۆش" و هەموو ڕۆژێک جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە "تا کەتایی دەوەستین"!

ئەم دەستکەوتە لە ئاسمانەوە نەهاتە خوارەوە. شۆشی ساڵی ١٤٠١ لەسەر شانی ئاپۆینەکانی ٧٨ و ٨٨ و ٩٦ و ٩٨ دروست بووە و لە هەر یەک لەو قۆناغانەدا حیزبێک هەبووە کە ئەم ئاپۆینانە بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری بە ڕووخاندنی حکومەت و ئاپۆینەکی شۆشگێڕانە و بە شۆش بە ئازادی و یەکسانی ناوی دەبردن، تەنانەت ئەگەر وەک مانگی تیری، لە ساڵی ١٣٧٨دا بزووتنەوەکە لە چوارچێوەی هێڵی ئیفەرمخوازیدا دروست بوو بوو، یان وەک ئاپۆینی ١٣٨٨ بیانوویەک بوو بۆ دەستپێکردنی بزووتنەوەکە.

قۆناغێک بوو کە هێڵی گێڕانکاری و چاکسازی لە کۆشەوای ناڕزایەتی کۆمەڵگادا دەستی باڵایان هەبوو. لە سەردەمی خاتەمی و ڕوحانی و تەنانەت پێش ئەوەش لە سەردەمی سەرکایەتی ڕەفسەنجانیدا، باس وخواستی چاکسازی و گێڕانکاری لە نەو هەزکانی ئۆپۆزسیۆن و لە کەی کۆمەڵگادا بەربڵاو بووە. قۆناغێک بوو کە ئۆپۆزسیۆنی ئاستەو ئاڵای گێڕینی ڕژەم و دەستووری بنەڕەتی و قەیران دروست کردنیان لە سنووریکان و لەگەڵ بزووتنەوەی سەوز و وەنەوشەیی بەرز کردبووەوە، سەردەمێک بوو تەنانەت بەشێک لە هێزسوڵانی بزووتنەوە ناڕزایەتییەکان بوون پێی بەختی خۆیان بە پێشهاتکانی ناو حکومەتەوە بەست بوو. هه موو ئه و هەڵ و بزوتنه وه ئاستەه وانه نێک ته نیا باسی گرنگی و خواستراوی شۆشیان نەدە کرد، به ێکوو به نمووونه ی توندوتیژی و ئاژاوه یان له قه ێه م ئەدا و به ووشه ی وه ک فیتنه و ئاژاوه و خۆیاڵ ناویان دەهێنا. تەنانەت هەندێک لە چەپێکان پێیان وابوو کە قۆناغی شۆشکان کەتایی هاتووە. بەڵام حسابی جەماوەری خەڵک جیاواز بوو لەو هەزانە.

لە هەموو ئەو قۆناغانەدا، جەماوەری خەڵک لە هەر شوێنێک هاتبنە

مەیدانەوە، ئامانجیان ڕوخاندنی تەواوی حکومەت بوو. وەک هەموو ئەو قەناغانەدا حیزبێک بوو کە بەردەوام ئاماژەی بەم خاڵە دەکرد، جەوهەر و مانای ڕاستەقینەی بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی پیشان دەدا، ئاسەی شەڕش و گەڵانی ڕیشەیی تەواوی سیستەمەکەی بە هەزی شەڕشەوە دەخستە بەردەم کەمەگە، لە چوارچێوەی ڕاڵەتی دووی خوردادی-لەو هەڵبژاردنانەی کە بزووتنەوەی ڕوخاندنخوازی خەڵک لە هەندێک کاتدا لەخۆی دەگرت، لەوە زیاتر تێپەڕی و بە بەاوکردنەوەی مانیفێستەکانی ڕووخاندن، دە داواکاری شەڕش، چوار پایەی شەڕش، مانیفێستی شەڕش و لێدوان و بانگەوازی شەڕشگەڕان، خەباتی کرد بە قووڵکردنەوەی تەوەری شەڕش و داواکارییەکانی شەڕشی خەڵک. پەرەسەندنی کەمەگاش بە هەمان پرەسیدا تێپەڕی.

ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٧٨ بە ناڕازایەتییەک دژی داخستنی ڕۆژنامەی دووی خەردادی سەلام دەستی پێکرد و بە شەڕی شەقام لەگەڵ بزەکرێگیراوانی حکومەت کۆتایی هات و بە ڕاپەڕینی دیمە و دروشمی مەرگ لەسەر بنەمای ڤەلایەت الفقیح کۆتایی هات. لە ساڵی ١٣٩٦ کەمەگە بە دروشمی "ریفەرمخوازی ئوسوڵگەرا، ئیتر چیرۆکەکە کۆتایی هات" دەستی پێکرد و تەحەدای تەواوی حکومەتی کرد و ئەماژ سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاشکاوانە و بە پەردەی شەقام بوو لەگەڵ هەموو حکومەتێکەدا. لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٩٨دا کەمەگە وەڵامی تاوانکانی حکومەتی دایەوە، تەنانەت دوای تەقەکردن لە فەڕکەی ئەکرانیش، بە دروشمی "دەبەت کەماری ئیسلامی لەناوببرێت" و لە ساڵی ١٤٠١دا ڕایەدگەیەنێت کە ناونراوە شەڕش! ڕایگەیاند ژن ژیان ئازادی، ڕایگەیاند کە حیجابی بە حیجابییە، ڕایگەیاند کە ئەمە شەڕشی ژنانەیە ڕایگەیاند کە هەموومان پێکەوەین، ڕایگەیاند کە سزای لەسەدارەدان بە هەر تاوانێک تاوانە ، یەکێتی یەکێتی دژی هەژاری و گەندەڵی ڕاگەیاند، ڕایگەیاند کە تا کۆتایی وەستاوین و… وایکرد جیهان پێی سەرسام بێت!

ئەمە مەژووی ئاوگەڵو لەهەمان کاتدا مەژووی پێشکەوتنکانی حیزبێکیشە کە بە درێژایی چالاکییەکانی بەردەوام جەختی لەوە دەکردەوە کە شەڕش تاکە ڕێگای دەربازبوونە، حیزبێک کە ٢٣ ساڵ لەمەوبەر ڕایگەیاندبوو کە شەڕشی ئەران شەڕشێکی ژنانە دەبێت، ڕایگەیاندبوو کە هەموومان پێکەوەین، ڕایگەیاندبوو حیجاب دیواری ئاپارتایدی سێکسیە، ڕاگەیاندبوو شەڕشی ئینسانی بە کەمەگایکی ئینسانی ، و بەردەوام لە دژی لەسەدارەدان و ئیسلامی سیاسی، ئاپارتایدی سێکسی و حیجاب، و دژی تەواوی سیستمی کەماری ئیسلامی لەشەدا بوو.

شەڕشی ژن ژیان ئازادی ڕەنگدانەوەی دیداری کەمەگا بوو لەگەڵ

حیزبی شۆڕش: حیزبی هەقانیەت و خواستراو سیاسەت و هەوڵەکانی دژیان ساڵەی خەی لە شۆڕەی کۆمەڵگەیەکی ئاوەستاودا وەرگرتوە و کۆمەڵگاش نوێنەرایەتی خواست و ئامانجە ئینسانیەکانی خەی لەسیمای حیزبە شۆڕشگێڕەکەی خویدا!
بژی شۆڕش!
بژی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری!
٢٠ی دی مانگی ١٤٠٢، ١٠ی جانیوەری ٢٠٢٤

من و تۆ لە خولەکی سەفردا..
شیعری/ نەوزاد بەندی

من ئەمرم و

تۆ ئامادە نابیت ،

فاتیحایەک و پەرداخە ئاوی سەفەریی بخەیتەوە..

لە شارەکی ئەمانیی ،

خەتت داوە لە تەل ،

قژت زەرد کردووە ..

دەستبەندەکی پەلکە زێڕینە ،

لە مەچەکتا ئەبریسکێتەوە ..

بە تەمای ئەمانیەک پێت بڵێ :

مەگن ..

بەڵام بە قەزەوە تەماشات ئەکەن و

جنەوی ناشیرینت پێدەدەن ،

یەکەکیان ئەڵێ :

Heimatverkäufer, schmutzig

وەرگێڕی گۆگڵ پێت ئێڤان :

نیشتمانفرۆشی گەلاو !

من ئەمرم و

تۆ هەر نایشتەوێ بزانیت ،

لە گەلەریيەکی لەندەن ،

خەت وا نیشان ئەدەی وەجاخزادەيەکی ئەرلەندیت ..

مستیلەی ئەماس و

سەعاتی ئەلەکس نیشانی هامشکەران ئەدەی ،

دوو ئینگلیز ئێڤان :

ئەم ڤۆییە ڤژهاتییە،

بۆ چ بوونیەکەوە گیشتۆتە ئەرۆ ؟

دانیەکیان ئێڤان :

ببوورە ! ئەرۆ جێی سواکەر و سۆشیاخەر نییە ،

بۆرە دەرەوە هەتا سۆگەکەم تۆ بەرنەداوی ..!

من لە ئەوارێيەکی بۆ حوکمەتیدا ..

لە میللەتێکی بەرەڤاکراودا ..

لە شارێکی بۆ شارەوانیدا ..

لە کانیکی پڕ لە پشیلەی بریندارداا ..

سۆگەلێکی بەرەڤا ئەمخەن

تۆ لە کتێبخانەيەکی نەمسادا ،

وا خەت نیشان ئەدەی پسپۆریت لە فریدریک نیتشەدا هەیە و

داوای دەستنوسەکی ئەکەیت ،

سەد بابەکی وەک گەنتەر گراس ،

داوای ناسنامەت لێ ئەکا ..

تۆ ئەڵێی پاسپۆرتەکەم لێ هەتڵەڕ ..

پاسپۆرتی سان لویس !

سەد بابەکۆ هەناسەیەک هەڵئەکێشێ و

بە تووڕەییەوە ئەڵێ :

لەعنەت لە دەمینیکان و سان لویس و هەرچی دورگەی ئینگلیزە هەیە!

هەر ئێستا ئەیتەوێ بە هەتڵ و

جانتاکانت ئەپێچیتەوە و

ئەگەڕیتەوە کاولبووەکەی خۆت ..

نە دەنگتان ، نە بەنتان ، نە عەقڵتان لەڕ جێیان نابێتەوە ..

لەبەر دەرگا ،

سەگێکی وەڕف دێ بە دەستی خانمەکەوە ،

خۆی ڕائەپسکێنێ و

قۆپاڵێ لە ڕانت ئەگرێ ..

ئەو ڕانەی لەڕ پەمەیی بوو ،

لەوێ شین و مەر هەڵئەگەڕێ ..

یەکسەر پۆلیس داوای کارتی نیشتمانی و کارتی تەندروستی و بانکیت لێ ئەکا ..

کە ئەزانێ هیچیانت نییە و

هەشتا بە سەفتە پارە وەرئەگری ،

پێت ئەڵێ : سوپاسی خوا بکە ، کەبەیەکی سەگەکە نەشکا ،

ئەگینا ئەبوو قەرەبووی بکەیتەوە ..!

ئەگەر خەت و هانت ، بۆن لە کلینیکەکی پریڤەیت چارەسەری خەتان بکەن ، تەنانەت سەگەکانیشمان نایەوێن ..

منیش بە دەم گیاندانەوە ،

لە تەلەفزیۆنی قاوشکی کەواویی

نەخۆشخانەیەکی میرییدا ، کە بەجگە لە ئیزرائیل ، کەسی تری لە نییە ..

لە بەرنامەیەکی حیزبیدا ،

سەرەک ئەبینم ، بەرگدرووەکەی پێی ئەڵێ :

قوربان ئەم بەینباخە هەک هەمان بەاندی بەینباخەکەی بەرلسکەنییە و

چاکەتەکەیشت هەمان چاکەتەکەی

ئیمانوێل ماکرۆن …!

سەعاتەکەیشت،هەک ئەوەی دەیقید بەکام ..

مەرگ هەگام نادا بزانم فانیلە و دەرپەکورت و گەرەویەکانی سەرەک ،

چ بەاندەکن و.. هەک وەک ئەوەی چ شا و شاهانشایەکن ..

ناوی کتێب: زانین سەرت دەخات.. نووسینی: شێخ داود سلێمان

بە خوێندنەوەی کتێبی: زانین سەرت دەخات.. کلیکی ئێرەبکەن..

ShexDawd_zaninDownload

پرسە.. ستار ئەحمەد

گڵنەی شەوی ئەستێرەنشین
ویستی تاریکی لە ڕوو داماڵێ
چوار کۆڵی بەند لە زامی گەتی
جریوەی مەلی خزاندە چاڵێ
پرسەی ڕۆژکی سامناکیان سازدا
ئاسمان لە شینی پەپوولەی ژاکاو
خەناوکەی ئەشکی خاکیدا لە چۆ
بەرامەی خەندەی پڕووی ئاوی وێ
تیشکی ڕەوەندیان لە دەروون تاسان
مانگ لە ژێر تیلەی زمانی ئەسکۆ
پەلکی هەڵەی کەشی هەوەشان
زریزەی خۆنی وەرزی سەربڕاو
لە ناەی ڕۆژدا سەری نایەوە
تروسکەیەك لە دوورەوە دەرکەوت
گزنگ چاوەڕێی ژوانی بەیان بوو
بە دەرفەتکی ئاوەژووی مەیو
لەسەر شەختەی روح
وەکوو کۆترکی هاوجووت نەژراو
گمەی غەریبی دەنگی دایەوە
چوار کۆڵی بەند لە زامی گەتی
بوونە ناونیشان چوار گۆڕی تاساو
ئەدرەسی شاریان لە ڕوو داماڵی
بەرەو پەرستگای دونیایەکی راست
بەهای شەوگاریان بە ئاسمان سپارد
لەگەڵ جووتێك ڕۆ
بۆ سەفەرێك دوور
بوون بە دوو هاوڕێ
هەر کەس بە ژانی شەوە زەنگەوە
دەستیان نا بە ڕووی بەرەی جەنگەوە
لە مەزارکا بۆ وێگەی هاوشین
بوونە چراخان بۆ گردە نشین

ستار ئحمد